www.kurdistannet.org
28-8-2006 18:02بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بەڵی مرۆڤ بەنرخترین سەرمایەیە ... بەهێز حوسێن

ڕێژین ئیبراهیم سەرنجێکی بە ناونیشانی (بەبی توانج) لە ماڵپەڕەکەتان بڵاوکردۆتەوە و وا نیشان ئەدات کە ماڵپەڕی ئازادی بە دانانی وێنەی کارمەندێکی خۆی لەسەر هەواڵێك کە باس لە نەخۆشی دەرونی لە سلێمانی دەکات سوکایەتی بە مرۆڤ کردووە!
ئەگەر کەسێك بابەتیانە لە هەواڵێك ورد نەبێتەوە هەروەك (ڕێژین) لێی دەڕوانی، کە دەبوو ئەو کە خۆی بە ڕۆژنامەنووس دەزانێت وردتر و قوڵتر ڕۆبچوایەتە نێو هەواڵەکە نەك سەرپێیانە سەیری وێنەکانی بکات.
ئەوەی لە ناوەڕۆکی هەواڵەکەدا هاتووە زۆر گرنگترە لەوەی لە وێنەکەدا چی دیارە، زەنگی مەترسی ئەوە لێدەدات کە ڕەنگە هەرهەموومان دووچاری ئەو حاڵەتە ببین کە لە وێنەکەدا دەردەکەوێت، کە من هیوام دەخواست ڕێژین و ئەوانی تریش کەوەك ئەو پێناسی ڕۆژنامەنووسیان لە گیرفاندایە دوای ئەو زانیاریانە بکەون کە لە هەواڵەکەدا هاتووە و ڕاستییەکان وردتر دەربخەن و بەدواداچوونی بۆ بکەن.
ئەو کارمەندە بەڕێزەش کە لە وێنەکەدا نواندنی کردووە جگە لەوەی هونەرمەندانە وێنەی حاڵەتێکی دەرونی نمایش کردووە، قەیرانی نەبوونی سەرچاوەی ڕەسمی و ڕێگری لەبەردەم چاوی کامێراکانی چارەسەر کردووە، لە کۆتایشدا دەڵێم لە هەواڵەکەی ئازادیدا وتراوە (مرۆڤ بەنرخترین سەرمایەیە) و بە فریای کەون.

ئامادەکاری هەواڵەکە